حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
محافظة أربيل
م . العقود العامة

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT-IRAQ
MINISTRY OF INTERIOR/ERBILGOVERNORATE
PUBUC CONTRACTS

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای هەولێر
ب.گرێبەستە گشتیەکان

ژمارە : ٢٩١ (دەستنووس)

/ ٢٧٢ کوردی

٢٠٢٣/٩/١٢ زاینی

# ئـــاگـــاداری

## ب/ کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە ( ١٣٧ )

پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەینێت بۆ پڕۆژەی ( دابین کردنی ئامێری پزیشکی بۆ نەخۆشخانەی پیرمام سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر ) کە ( بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر ) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەرو کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێش کەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێیەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی ( شەممە) ڕێکەوتی ٩/١٦ / ٢٠٢٣ دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەکەمان بە نزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت .وە کرێی بڵاو کردنەوەی ڕاگەیاندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

### مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر :

- کۆمپانیا تایبەت بێت بە ئامێری پزیشکی و نوێ کراوە بێت نوسینگەی تایبەتی هەبێت لە شاری هەولێر وە سافی ئەندازیاری و هونەری هەبێت لە سازدانەوە و چاککردنەوەی ئامێرەکان .
- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەتی هەبێت و نوێ کراوە بێت بۆ ساڵی ٢٠٢٣ .
- ماوەی پرۆژە ( ١٨٠ ) ڕۆژی تقویمییە .
- کاتی بەسەر چوونی تەندەر ( ٩٠ ) ڕۆژە لە بەرواری کردنەوەی تەندەرەکە.
- سزای دوا کەوتن (٤,٠٠٠,٠٠٠ ) چوار ملیۆن دینارە بۆ یەك ڕۆژ .
- بارمتەی سەرەتایی بە بڕی ( ٥٧,٠٠٠,٠٠٠ ) پەنجا و حەفت ملیۆن دینار بە شێوەی چەکی پەسەند کراو یان دەستەبەری بانکی ( خطاب ضمان ) لە یەکێك لە بانکەکانی باوەڕ پێکراو لە هەرێم لەگەڵ تەندەر پێشکەش بکرێت بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی پشتگوێ دەخرێت .
- هیچ تەندەرێك وەرناگیرێتەوە لە دوای کات و ڕۆژی دیاریکراو لە سەرەوە .
- بەڵێندەر دەتوانێت زانیاری زیاتر بە دەست بێنێت پێش کڕینی تەندەر بە سەردانی کردنی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتیەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر.
- فرۆشتنی تەندەر (٣٠٠,٠٠٠ ) سێ سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە ، وە ڕۆژانە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی تاکو (١) دوای نیوەڕۆ دەبێت.

**تێبینی :**

دوو ڕۆژ پێش کردنەوە تەندەر نافرۆشرێت .
هەموو بەڵگە نامە داواکراوەکان لەکاتی پێشکەش کردن لەناو تەندەر دابنرێت.

**ئومێد خۆشناو**
**پارێزگاری هەولێر**

### وێنەیەك بۆ :

- ✓ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزماندا ...
- ✓ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕیزدا ....
- ✓ نوسینگەی بەڕێز پارێزگاری هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕیزدا .....
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزماندا...
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی تەندەرەکان
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری | بۆ جێ بەجێ کردن و کاری پێویست......
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان.
- ✓ ڕۆژنامەی خەبات / تکایە ئاگاداریەکە بڵاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزماندا ......
- ✓ ڕۆژنامەی هەولێر / تکایە ئاگاداریەکە بڵاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزماندا ......
- ✓ یەکێتی بەلێندەرانی کوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .
- ✓ هۆبەی فرۆشتنی تەندەرات / بۆ کاری پێویست
- ✓ پرسگە / بۆ هەڵواسینی ئاگاداریەکە .
- ✓ خولاو